# حەرامە فەرامۆشکراوەکان

## موحەمەد صالّح المنجد

لەم نامێلکەیە خوێنەری بەڕێز ژمارەیەك لە حەرامە فەرامۆشکراوەکان دەبینێت کە حەرام بونیان جێگر بوە بە بەڵگەی قورئان سوننەت، وە ئەم قەدەغەکراوانە ئەنجام دەدرێت لە لایەن زۆرێك لە موسڵمانان ، خوا پەنامان بدات.

https://islamhouse.com/173055


- حەرامە فەرامۆشکراوەکان
  - پوختەیەك:
  - بەشی یەکەم: شوبهاندنی خێزان بەدایك یان یەکێك لە موحەرِەمات .
  - بەشی دووەم: خۆ بۆنخۆش کردنی ئافرەتان لەکاتی چوونە دەرەوەدا .

- بەشی سێیەم: قسەهێنان وقسەبردن لەنێوان خەڵکیدا (دوو زمانی کردن)
.
- بەشی چوارەم: سەفەرکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم بۆ شوێنێکی دوور.
- بەشی پێنجەم: مانەوە بەتەنهایی لەگەڵ نامەحرەمدا .
  - ١: ئافرەت لەڕووی جەستەییەوە بێ هێزترە لەپیاو و بۆ بەرگریکردن لەخۆ ی.
  - ٢: پیاو داواکەرە بەڵام ئافرەت داواکراوە، مەگەر بەدەگمەن دەنا ئافرەتان با کۆمەڵیش بن سروشتی تایبەتی ئافرەتانەیان ناهێڵێت پرکێشی پیاو بکەن، بەپێچەوانەی پیاوانەوە.
- بەشی شەشەم: خۆشوبهاندنی پیاوان بەئافرەتان وئافرەتانیش بەپیاوان .

- بەشی حەوتەم: تەوقەکردن لەگەڵ نامەحرەمدا .
- بەشی هەشتەم: چونەلای خێزان لەکاتی بێ نوێژیدا (الحیض).
  - ١ـ دەبێتە هۆی ئازارگەیاندن بەئەندامەکانی زاوزێی ئافرەت و لەوانەیە ببێتە هۆی هەوکردنی منداڵدان و هێلکەدان، یان زیان گەیاندن بەحەوز کەزیانێکی زۆر بەتەندروستی ئافرەتەکە دەگەیەنێت و لەوانەیە ببێتە هۆی لەکەڵك کەوتنی هێلکەدان و منداڵ نەبوون.
  - ٢ـ چوونە ژوورەوەی مادەکانی خوێنی بێ نوێژی بۆ زەکەری پیاو دووچاری هەوکردنی دەکات کەلەنەخۆشی سەیلان دەچێت و لەوانە هەردوو

هێلکەی گون بگرێتەوەو
ئازاریان بدات وەلەوەوە
نەزۆکی پیاو دروست دەبێت
وەهەروەها لەوانەشە دووچاری
نەخۆشی زوهەری ببێت
کەمیکرۆبەکەی لەخوێنی بێ
نوێژی ئافرەتدا هەیە.
◦ بەشی نۆ هەم: چونەلای خێزان
لەرێگەی کۆمەوە .

## حەرامە فەرامۆشکراوەکان

محرمات استهان بها كثير من الناس

## پوختەیەك:

خوێنەری بەڕێز: لەم نامێلكەیەدا ژمارەیەك لە حەرامە فەرامۆشكراوەكان دەبینێت كە حەرام بونیان جێگر بوە بە بەڵگەی قورئان وسوننەت،

وە ئەم قەدەغەكراوانە ئەنجام دەدرێت لە لایەن زۆرێك لە موسڵمانان، خوا پەنامان بدات.

حەرامە فەرامۆشكراوەكان

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُوْلِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِيْنَ. أَمَّا بَعْدُ:

## بەشی یەكەم: شوبهاندنی خێزان بەدایك یان یەكێك لە موحەڕەمات .

لەو وشەبڵاوانەی سەردەمی نەفامی كەبڵاوەلەناو ئەم ئوممەتەدا ئەویش شوبهاندنی ئافرەت لەلایەن مێردەكەیەوە بەدایكی یان یەكێك لەموحەڕەمەكانی وەك (خوشك وكچ ودایك و....هتد)ی خۆی، وەك مێرد بەژنەكەی بڵێت تۆ لەسەر من وەك پشتی دایكم وەهای یان تۆ حەرامی لەسەرم وەك خوشكەكەم یان....

هتد. لەو ووشە نابەجێیانەن کەشەریعەتی پەروەردگار بەناڕەوای داناوە کەتیایدا زوڵم و ستەمی لێ دەردەکەوێت بەرامبەر بەمافی ئافرەت، هەروەك خوای گەورە باسی ئەمەمان بۆ دەکات کەدەفەرموێت: (الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ) [1] واتە: ئەو پیاوانەی کەلێکچوون دەکەن لەگەڵ ژنەکانیان وەپێیان دەڵێن ئێوەوەك دایکمان وان، ئەوانە نەخێر دایکیان نین دایکیان ئەوانەن کەلێیان بوون. ئەو پیاوانە قسەیەکی زۆر ناڕەواو نابەجێ دەکەن، وەخوای پەروەردگار لێبووردەو لێخۆشبووە بۆ ئەوانەی پەشیمان دەبنەوە لەقسەکانیان، هەروەك شەریعەتی خوای گەورە کەفارەتی زۆر قورسی داناوە لەم بارەیەوە، لەوێنەی کوشتنی ناڕەوا وەیان کەفارەتی چوونەلای خێزان لەکاتی حەیزدا لەکاتێکدا کەزمان و لاشەیان بەڕۆژووە لە ڕۆژگاری مانگی

ڕەمەزاندا کەنابێت ئەو پیاوە نزیکی خێزانی ببێتەوە بەمەبەستی جیماع کردن.

تەنها دوای ئەوەی کەکەفارەتەکەی ئەدات وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ * فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ) [2] واتە: ئەو پیاوانەی کەلێکچوون دەکەن لەگەڵ ژنەکانیان ولەپاشاندا پاشگەز دەبنەوە پێویستە لەسەریان بەندەیەك ئازاد بکەن پێش ئەوەی بچنەلای خێزانەکانیان.

ئەمە ئەو ڕێیەیە کەلێوەی ئامۆژگاری دەکرێین وپەروەردگار بەوەی کەئەنجامی دەدەن ئاگادارە هەر کەسێك کەنەیبوو دەبێت دوو مانگ بە ڕۆژوو بێت بەدوای یەکدا پێش ئەوەی

بچێتەلای خێزانی، ئەگەر نەیتوانی دەبێت خواردنی شەست هەژار بدات یەك ژەم نان خواردن، ئەوە بۆ کەسانێکە کەباوەڕیان بەخواو پێغەمبەرەکەی ببێت کەسنورێکەو دانراوە، وەکەسانێك کەباوەڕیان پێی نەبێت سزایەکی بەئازار چاوەڕوانیان دەکات.

## بەشی دووەم: خۆ بۆنخۆش کردنی ئافرەتان لەکاتی چوونە دەرەوەدا .

یەکێکی تر لەو حەرامانەی کەلای زۆرێك لەخوشکان فەرامۆش کراوە، ئەویش خۆ بۆنخۆش کردنی ئافرەتانە لەکاتی چوونە دەرەوەدا لەم سەردەمەدا، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) ئاگادارمان دەکاتەوە ودەمانترسێنێت تا ئاگاداری ئەو تاوانە گەورەیە بین وخۆمانی لێ بەدوور بگرین وەك دەفەرموێت: (أيما امرأة استعطرت ثم مرت على القوم ليجدوا ريحها فهي زانية)

[3]، واته: هەر ئافرەتێك خۆی بۆنخۆش بكات و لەدوایدا بڕوات بەلای پیاواندا تا بۆنی بكەن ئەوە ئەو ئافرەتە داوێن پیسە(زانیە).

وەهەندێك ئافرەت لەبەر نەزانین و بێ ئاگاییان گوێ بەم بۆن خۆشكردنە نادەن، لەكاتێكدا خۆیان بۆنخۆش كردووەو بەلای دووكان و بازاڕ و شوێنە گشتیەكاندا دەڕۆن.

لەكاتێكدا دینی خوای گەورە زۆر بەتوندی باسی ئەوەدەكات كەئەگەر ئافرەتێك خۆی بۆنخۆش كرد بەعەتر یان بەهەر داو دەرمانێكی تر دەبێت خۆی بشوات هەروەكو خۆی دەشوات لەكاتێكدا كەلەشی پیسە، ئەگەر ویستی لەماڵ دەربچێت یا بۆ مزگەوتیش بچێت.

هەروەكو پێغەمبەری خوا (درودو سەلامی خوای لێبێت) لەفەرمودەیەكدا دەفەرموێت:
(أيما امرأة تطيبت ثم خرجت الى المسجد ليوجد ريحها لم يقبل منها صلاة حتى تغتسل اغتسالها

من الجنابة)[4]، واته: هەر ئافرەتێك بۆنی خۆش لەخۆی بدات و لەدوایدا بڕوات بۆ مزگەوت بۆئەوەی بۆنی بکرێت نوێژی لێ وەرناگیرێت هەتاوەکو خۆی دەشوات هەروەکو خۆشتنی لەکاتێکدا کەلەشی پیسە.

کەواتە شەکوا تەنها بۆلای خوا دەبرێت، لەو هەموو بۆنە خۆشانەی کەئافرەتان بەکاری دێنن لەکاتی ئاهەنگ گێران وبۆنەکاندا وەپاش ئەوە لەماڵ دەردەچن، وەهەروەها بەکار هێنانی ئەو هەموو بۆن وعەترانە لەبازاڕو لەناو هۆیەکانی گواستنەوەو کۆبوونەوەی خەڵکیدا وەتێکەڵاوبوون لەگەڵیاندا تەنانەت لەمزگەوتیش لەشەوانی ڕەمەزاندا .

لەکۆتایدا داواکارین لەخوای گەورە کەپیاوان و ئافرەتانی گونجاو بۆ خوا توشی نارەحەتی نەبن بەهۆی کرداری نەزان ونەفامانانەوە. وەهەموو لایەك ڕینمونی بکات بۆگرتنی ڕێگەی ڕاست.

## بەشی سێیەم: قسەهێنان وقسەبردن لەنێوان خەڵکیدا (دوو زمانی کردن) .

دووزمانی یەکێکی ترە لەو حەرامانەی کەوا ئەمڕۆ زۆر باوە لەناو خەڵکیدا (بەتایبەت ئافرەتان)، بەمەبەستی تێکدانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، وەگەورەترین هۆکاریشە بۆ پچڕاندنی پەیوەندیەکان وهەڵگیرساندنی ئاگری دووبەرەکی و دوژمنایەتی لەناو خەڵکیدا.

وەخوای گەورەش سەرزەنشتی ئەو کەسانەی کردووە کەئەم کارەدەکەن، وەك دەفەرمووێت: (وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ (١٠) هَمَّازٍ مَّشَّاءِ بِنَمِيمٍ (١١) [5]، واتە: بەقسەی ئەوانە مەکەن چونکە زۆر سوێند دەخۆن بەحەق وناحەق وەزۆر سووك و ڕیسوان، ئەوانەی بەشوێن عەیب و کەم وکوڕییەکانی خەڵکیدا دەگەڕێن و دوو زمانی دەکەن وفیتنە دەگێڕن وحەزیان لەئاشوبەیە.

ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێبێت) بەمەڕفووعی دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) کەوا فەرموویەتی: (من استمع إلى حديث قوم وهم له كارهون صب في أذنيه الآنك يوم القيامة)[6]، واتە: هەر کەسێك گوێ بگرێت بۆ قسەی کۆمەڵێك لەکاتێکدا کەپێیان ناخۆشە ئەوا لەڕۆژی قیامەتدا قوڕقوشم دەکرێتە گوێیەوە.

وەئەگەر قسەکانیان ببات بەمەبەستی زیان پێ گەیاندنیان لەکاتێکدا ئەوان بێ ئاگان لێی، ئەوە سەرەڕای ئەوەی سیخوڕی (جاسووسی) کردو وەتاوانێکی تریشی بۆ خۆی زیاد کردووە، وەك پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەربێت) دەفەرمووێت: (لا يدخل الجنة قتات) [7]، واتە: ناچێتە بەهەشت کەسێك کەوا گوێ بگرێت بۆ قسەی گەلێك لەکاتێکدا بێ ئاگان لێی، وەپاشان بیبات بۆ لای کەسانێکی تر.

وەعەبدوڵڵای کوڕی عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کەپێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) بەلای باخێکدا ڕۆیشت لەباخەکانی مەدینەدا، گوێی لێ بوو دوو کەس لەگۆڕەکانیاندا سزا دەدرێن پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (یعذبان وما یعذبان في کبیر، ثم قال: (وفي روایة: وانه لکبیر) کان أحدهما لا یستتر من بوله وکان الآخر یمشي بالنمیمة) [8] واتە: پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕی کەسزا دەدران فەرمووی سزا دەدرێن بەڵام سزا دانەکەیان لەسەر گوناهی گەورەنیە (وەلەڕیوایەتێکی تردا بەگوناهی گەورەی دادەنێت) پاشان فەرمووی یەکەمیان خۆی پاك نەدەکردەوە لەپاش میز کردن، دووەمیشیان خەریکی قسەهێنان و قسەبردن بوو (دوو زمانی کردن).

لەکۆتایدا داواکارین کەوا موسڵمانان بەگشتی وبەتایبەت خوشکان بتوانن ئەم ئاکارو کردەوە ناشرینە لەخۆیان بەدوور بگرن، تاکو بتوانن خۆیان زیاتر لەخوای گەورە نزیك بکەنەوە.

## بەشی چوارەم: سەفەرکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم بۆ شوێنێکی دوور.

یەکێك لەو شتانەی کەبۆ پیاو ڕەوایەو لەئافرەت قەدەغەکراوە بریتییە لەسەفەرکردن بۆ ماوەی دوو شەو و ڕۆژێك یاخود کەمتریش بەتەنها، واتە: یەکێك لەمەحرەمەکانی لەگەڵدا نەبێت وەك (مێرد یان باوك و برا و کوڕ یان مام و خاڵ) وەك پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (لا تسافر المرأة مسيرة يومين ليس معها زوجها او ذو محرم) [9]، واتە: هیچ ئافرەتێك نابێت بەبێ مێرد یان خزمێکی مەحرەم سەفەرێکی دوو ڕۆژی بکات.

وەهەروەها پێغەمبەری خوا (درووود وسەلامی خوای لەسەر بێت) لەفەرمووودەیەکی تردا دەفەرمووێت: (لا تسافر المرأة إلا مع ذي محرم)[10]واتە: ئافرەت نابێت سەفەر بکات بەتەنها مەگەر لەگەڵ یەکێك لەمەحرەمەکانی بێت.

وەبەمەرجیش گیراوە لەمەحرەمدا چوار مەرج هەبێت موسڵمان و باڵغ و ژیر و نێرینەبێت.

ئەم مەسەلەیەش بێ گومان حیکمەتەکەی پاراستنی ئافرەتە لەڕووی جەستەیی ومەعنەوییەوە تا تووشی گرفت وکێشەنەبێت.

## بەشی پێنجەم: مانەوە بەتەنهایی لەگەڵ نامەحرەمدا .

لەو ڕۆژەوەی کەخوای گەورە فەرمانی کرد بەشەیتان کەوا سوجدەبەرێت بۆ ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) و شەیتانیش بێ فەرمانی

پەروەردگاری کرد، لەو دەمەوە ململانێیەك دروست بوو لەنێوان مرۆڤ لەلایەك ودوژمنە سەرسەختەکەشی لەلایەك کەشەیتانە، وەبەڵێنیشی دا بەخوای گەورە کەدرێغی نەکات لەگومڕاکردنی بەندەکاندا.

بۆیە خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەفێڵ و تەڵەکەی شەیتان وەك دەفەرموویێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَاء وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) [11]، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوەدوای فێڵ وتەڵەکەی شەیتان مەکەون، چونکە هەر کەسێك دوای داواکارییەکانی شەیتان بکەوێت ئەوا فەرمان دەکات بەتاوان و خراپە.

وەشەیتان لەسەنگەردایە بەهەمیشەیی بۆ مرۆڤ تاوەکو گومڕای بکات، وەلەگیانیدا هاتووچۆ دەکات هەروەکو چۆن خوێن لەلاشەی مرۆڤدا هاتووچۆ دەکات.

یەکێك لەو ڕێگایانەی کەشەیتان زۆر گرنگی پێ دەدات بۆ لەخشتەبردنی بەندەکان، مانەوەی پیاو و ئافرەتە بەتەنهایی لەشوێنێکدا بەمەرجێك مەحرەمی یەکتر نەبن، لەبەر ئەوەئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ڕێگەگرتن لەهەر کارێکی نادروست ئەم دەرگایەی هەر لەسەرەتاوە داخستووە، هەر وەك پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (لا يخلون رجل بامراءة إلاّ كان ثالثهما الشيطان)[12]، واتە: هیچ پیاو و ئافرەتێك بەیەکەوەکۆ نابنەوەمەگەر شەیتان سێهەمیان نەبێت بێت.

وەهەروەها لەعەبدووڵای کوڕی عەمرەوەکەوا پێغەمبەری خوا (دروودو سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (لا يدخلنَّ رجل بعد يومي هذا على مغيبه إلا ومعه رجل أو اثنان) [13]، واتە: هیچ پیاوێك لەمڕۆ بەدواوە نەچێتە ماڵی ئافرەتێك لەکاتێکدا مێردی یاخود یەکێك لەمەحرەمەکانی لەگەڵدا نەبێت، مەگەر یەکێك یان دووانی تری لەگەڵدا بێت.

ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەو بارەیەوەیەك دەنگی زانایانی هێناوە لەکتێبی (صحيح مسلم بشرح النووي) (ج٩، ص ١٠٩)، وەك دەفەرمووێت: ئەوەی کەبۆ پیاو دروست و ڕەوایەو لەئافرەت قەدەغەیە بریتیە لەوەی کەپیاوێك بۆی هەیە بەتەنهاو لەشوێنێکی چۆڵ لەگەڵ کۆمەڵە ئافرەتێك بێت، بەڵام ئافرەت بۆی نیە بەتەنها ولەشوێنێکی چۆڵ لەگەڵ کۆمەڵە پیاوێك بێت. وەك ئیبن حەجەری

عەسقەلانی هێناویەتی لە (فتح الباري) (ج ٦، ص ٧٥ ـ ٧٦).

حیکمەتی ئەم یاسا شەرعییەش دیسان هەر پارێزگاری کردنەلەکەسایەتی ئافرەت چونکە:

١ : ئافرەت لەڕووی جەستەییەوە بێ هێزترە لەپیاو و بۆ بەرگریکردن لەخۆ ی.

٢ : پیاو داواکەرە بەڵام ئافرەت داواکراوە، مەگەر بەدەگمەن دەنا ئافرەتان با کۆمەڵیش بن سروشتی تایبەتی ئافرەتانەیان ناهێڵێت پرکێشی پیاو بکەن، بەپێچەوانەی پیاوانەوە.

داواکارین لەخوشکان کەوا خۆیان لەم تاوانەش بپارێزن، بەهیوای ڕەزامەندی خوای گەورە.

## بەشی شەشەم: خۆشوبهاندنی پیاوان بەئافرەتان وئافرەتانیش بەپیاوان .

یەکێکی تر لەو حەرامانەی کەوا بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبۆتەوە لەناو موسوڵماندا، خۆشوبهاندنی پیاوانە بەژنان وەبەپێچەوانەشەوە، لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا وەکو قسەکردن و ڕوخسارو جل و بەرگدا.

لەکاتێکدا ئەو فیترەیەی کەخوای گەورە دایناوە بۆ بەندەکانی ئەوەیەکەپیاو پارێزگاری لەپیاوەتی خۆی بکات و ئافرەتانیش پارێزگاری لەمێینەی خۆیان بکەن. ئەمەش یەکێکەلەو شتانەی کەژیانی خەڵکی دانامەزرێت و ڕێك نابێت بەوەنەبێت.

خۆشوبهاندنی پیاوان بەئافرەتان و ئافرەتانیش بەپیاوان پێچەوانەی سروشتی مرۆڤەوە کردنەوەی دەرگای خراپەکارییەو بڵاوبوونەوەی حەرام بەحەڵاڵ کردنە لەناو کۆمەڵگادا.

وەهەرکارێکیش دەقێکی ئاشکرا هاتبێت لەسەری کەوا نەفرین بکات لەو کەسەی کەوا بکەرێتی، ئەوا حەرامەکردنی وەبەتاوانە گەورەکان دەژمێردرێت.

ئیبنو عەباس (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: (لعن رسول الله المتشبهين من الرجال بالنساء والمتشبهات من النساء بالرجال)[14]واتە: پێغەمبەری خوا نەفرەتی کردووەلەو پیاوانەی کەخۆیان دەشوبهێنن بەئافرەتان وئەو ئافرەتانەش کەوا خۆیان دەشوبهێنن بەپیاوان.

وەهەروەها ئیبنو عەباس (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (لعن رسول الله المخنين من الرجال والمرجلات من النساء)[15]واتە: پێغەمبەری خوا نەفرەتی کردووەلەو پیاوانەی کەلەهەڵسوکەوتدا لاسایی

ئافرەتان دەكەنەوە، وەئەو ئافرەتانەش كەوەك پیاو هەڵسوكەوت و ڕەفتار دەكەن.

وەلەو لێكچوونانەش كەوا حەرامەبۆ پیاو وەكو ملوانكە لەمل كردن وەبازن لەدەست كردن وەگوارەلەگوێكردن .... هتد، لەكاتێكدا ئەمانەتايبەتن بەئافرەتانەوە، وەلەو حەرامانەش كەوا قەدەغەن لەئافرەتان وەكو پۆشینی ئەو جل وبەرگانەی كەوا تايبەتن بەپياوانەوە.... هتد.

وەئەبو هورەیرە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (لعن الله الرجل يلبس لبسة المرأة والمرأة يلبس لبسة الرجل) [16] واتە: پێغەمبەری خوا نەفرەتی كردووە لەو پياوانەی كەجل و بەرگی ئافرەتان لەبەر دەكەن و ئەو ئافرەتانەش كەجل و بەرگی پياوان لەبەر دەكەن.

## بەشی حەوتەم: تەوقەکردن لەگەڵ نامەحرەمدا .

ئەمیش یەکێکی ترە لەو حەرامانەی کەوا بەشێوەیەکی زۆر پشتگوێ خراوەلەلایەن سەرجەم موسڵمانانەوە (بەخوشکان وبرایانەوە)، لەکاتێکدا هەڕەشەیەکی توند ئاڕاستەی ئەو کەسانە کراوە کەوا دەست دەخەنەدەستی کەسێکی نامەحرەمەوە.

وەدروست نییە بۆ پیاو تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا وبەمەبەست بێت یان بەبێ مەبەست، وەمەبەستیش لەنامەحرەم هەرکەسێك دەگرێتەوە کە خوازبێنی کردنی دروست بێت وەبۆ ئافرەتیش بەهەمان شێوە. هەروەك پێغەمبەری خوا (درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (لأنْ يُطْعَنَ في رأسِ أحَدِكم بمخيطٍ مِنْ حديدٍ خيرٌ له مِنْ أن يَمسّ إمْرأةٍ لا تَحِلّ له) [17] ، واتە: هەر یەکێك

لەئێوە ئەگەر دەرزییەكی ئاسنینی
بەسەردا دابكوترێت باشترە لەوەی دەست بدات
لەدەستی ئافرەتێكی نامەحرەمەوە. وەبێ گومان
ئەمەش بەزینای دەست دەژمێردرێت هەروەك
پێغەمبەری خوا (درووود و سەلامی خوای
لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (العينان تزْنِيان
واليدانِ تَزْنِيان والرِجْلانِ تَزْنِيان والفَرْج
يَزني)[18]، واتە: هەردوو چاو زینا دەكەن
وەهەردوو دەست زینا دەكەن وەهەردوو قاچ
زینا دەكەن وەهەروەها عەورەتیش زینا دەكات.

وەهەروەها لەگەڵ ئەوەدا كەوا پێغەمبەری خوا
(درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت) كەسێكی
پاك و بێ گوناه بووەلەگەڵ ئەوەشدا
دەفەرمووێت:(أنّي لا أصافِح النساء)[19]، واتە
من تەوقەلەگەڵ ئافرەتاندا ناكەم. وەهەروەها
دەفەرمووێت:(أنّي لا أمسُّ أيدي النساء)[20]،
واتە: من دەست نادەم لەدەستی ئافرەتان،
لەكاتێكدا بۆ مەبەستی پەیمان و بەیعەت بووە كە

هاوەڵ بۆ خوا پەیدا نەکەن ودزی نەکەن و زینا نەکەن وەخەڵك بەناحەق نەکوژن وەدەست ودەم وداوێن پاك بن. بەکورتی بڕواداریێکی تەواو وموسڵمانێکی ڕاستەقینەبن بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەش دەستی لەدەستی ئافرەتی نامەحرەم نەکەوتووە هەروەك (ئومەیمەیی کچی ڕەفیعە) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتدا تا پەیمانی بدەینێ، ئەویش پەیمانی لەگەڵ بەستین لەسەر ئەوەی کەلەقورئاندا هەیەپاشان فەرمووی (فيما استَطَعْتُنَّ وَطِقْتُنَّ)، واتەبەپێی توانا و ووزەی خۆتان، ئینجا ووتمان خواو پێغەمبەری خوا بەسۆزترن بۆمان لەخۆمان و ووتمان ئایەئەی پێغەمبەری خوا (درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت) دەست ناخەیتە ناو دەستمان بۆ پەیمانەکە، فەرمووی: (أنّي لا أصافِحُ النساء وإنَّما قَوْلِيْ لإمراةٍ واحدةٍ قَوْلِيْ لِمائَةِ إمرأة)[21]، واتە: من دەست ناخەمەناو دەستی

ئافرەت بەڵکو قسەم بۆ یەك ئافرەت و سەد ئافرەت یەکێکە، هەروەها لەم بارەیەوەدایکی موسڵمانان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (واللہ ما أخذَ رسول الله (صلى الله عليه وسلم) على النساءِ قط الإّ بما أمَرهُ الله وما مَسّتْ كف رسول الله كن كلاما) [22]، واتە: سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا (درووود و سەلامی خوای لەسەر بێت) پەیمانی لەئافرەتان وەرنەگرتووە بەو شێوەیە نەبێت کەخوا فەرمانی پێ کردووە، سوێند بەخوا هەرگیز دەستی پێغەمبەری خوا (درووود وسەلامی خوای لەسەر بێت) لەدەستی هیچ ئافرەتێك نەکەوتووە لەکاتی پەیمان وەرگرتندا لێی، دەیفەرموو ئەوا پەیمانم لێ وەرگرتن بەقسە، واتەبەبێ دەست خستنەناو دەست.

ئەو هەڕەشانەی کەوا کراوە لەم فەرموودانەدا تەنها ڕووبەڕووی پیاوان نییە بەڵکو بەهەمان شێوە ئافرەتانیش دەگرێتەوە بۆیە پێویستە

ئافرەتانیش بەهەموو شێوەیەك خۆیان لەم تاوانە بەدوور بگرن بەو هیوایەی زیاتر بتوانین لەخوای خۆمان نزیك ببینەوە.

## بەشی هەشتەم: چونەلای خێزان لەكاتی بێ نوێژیدا (الحیض).

یەكێكی تر لەو حەرامە فەرامۆشكراوانەی كەزۆرێك لەخوشكان و برایان بێ ئاگان لێی، كۆبوونەوەی ژن و پیاوە (جیماع كردن) لەكاتێكدا كەئافرەتەكە لەماوەی بێ نوێژیدایە. هەر وەك خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ) [23]، واتە: ئەی موحەممەد (درودو سەلامی خوای لەسەربێت) پرسیارت لێ دەكرێت دەربارەی چونەلای خێزان لەكاتی

بێ نوێژیدا بۆ جیماع کردن، تۆش لەوەڵامدا پیان بڵێ جووت بوون لەکاتی بێ نویژیدا مایەی ئێش وئازارو نەخۆشی یە، بەمەبەستی جووت بوون لێیان نزیك مەبنەوە تاوەکو لەخوێنی بێ نوێژی پاك دەبنەوە. ئەگەر لەخوێنەکە پاك بوونەوە ئەوا لەگەڵیاندا جووت ببن بەو شێوەیەی کەخوای گەورە فەرمانی پێ کردووە. وەخوایی گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کەتەوبەکارن و وەهەروەها ئەوانەش کەخۆیان پاك ڕادەگرن. وەهەروەها پێغەمبەری خوا (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (من أتى حائضاً أو إمراة في دبرها أو كاهنا فصدّقه بما يقول فقد كفرَ بما أنزل على محمد)[24]، واتە: هەرکەسێك لەکاتی بێ نوێژیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا جووت ببێت یاخود لەدواوەبچێتەلای (واتە لەڕێگەی کۆمەوە) یاخود بچێتەلای فاڵچیەك و باوەڕ بەقسەکەی بکات ئەوا بێ بڕوایە بەوەی کە بۆ محمد دابەزیوە. وەهەروەها: (كان رسول الله

(صلى الله عليه وسلم) إذا أراد من الحائض شيئاً ألقى على فرجها ثوبا صنع ما أراد)[25]، واته: پێغەمبەری خوا (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەگەر بیویستایە بچێتەلای یەکێك لە خێزانەکانی لەکاتێکدا لەماوەی بێ نوێژیدا بونایە، ئەوا پارچە قوماشێکی بەسەر داوێنی خیزانەکەیدا دەداو پاشان چی بویستایە دەیکرد.

لەتەفسیری (المراغي)دا هاتووە کەوا زانستی نوێی ئێستا ئاشکرایان کردووە کەجووت بوون لەماوەی بێ نوێژیدا ئەم زیانانەی هەیە:

١ـ دەبێتە هۆی ئازارگەیاندن بەئەندامەکانی زاوزێی ئافرەت و لەوانەیە بببێتە هۆی هەوکردنی مندالْدان و هێلکەدان، یان زیان گەیاندن بەحەوز کەزیانێکی زۆر بەتەندروستی ئافرەتەکە دەگەیەنێت و لەوانەیە ببێتە هۆی لەکەلْك کەوتنی هێلکەدان و مندالْ نەبوون.

**٢- چوونە ژوورەوەی مادەکانی خوێنی بێ نوێژی بۆ زەکەری پیاو دووچاری هەوکردنی دەکات کەلەنەخۆشی سەیلان دەچێت و لەوانە هەردوو هێلکەی گون بگرێتەوەو ئازاریان بدات وەلەوەوە نەزۆکی پیاو دروست دەبێت وەهەروەها لەوانەشە دووچاری نەخۆشی زوهەری ببێت کەمیکرۆبەکەی لەخوێنی بێ نوێژی ئافرەتدا هەیە.**

لەبەرئەم زیانانەی کەباس کران پزیشکەکان ئێستا لەسەر ئەوە یەك دەنگن کەپێویستە پیاو لەماوەی بێ نوێژیدا بەمەبەستی جووت بوون نزیکی خێزانی نەکەوێتەوە وەك قورئانی پیرۆز باسی کردووە.

ئیبنو عەباس (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (ئەو کەسەی لەماوەیی بێ نوێژیدا بۆ جووت بوون دەچێتەلای خێزانەکەی ئەوا دەبێت دینارێك یان نیو دیناری ئاڵتوون

بکات بەخێر)[26]، وەیەك دیناریش کێشەکەیی یەکسانەبە (٤,٢٥) گرام ئاڵتوون.

بۆیە زۆر گرنگە کەوا هەموومان ئاگاداری ئەم حەرامە بین تا کۆمەڵگاکەمان بەرەو ئاسودەیی بەرین و لەسەر ئەو ڕێگایەب ەردەوام بین کەخوای گەورە وپێغەمبەرەکەی داوای دەکەن.

## بەشی نۆهەم: چونەلای خێزان لەڕێگەی کۆمەوە .

چوونەلای خێزان لەڕێگەی کۆمەوە یەکێکی ترە لەو حەرامانەی کەپشت گوێ خراوەو فەرامۆش کراوە، وەبەشێکی موسڵمانان گیرۆدەی ئەم حەرامەبوون بێ ئاگا لەوەی کەخوای گەورە وپێغەمبەرەکەی (درودوو سەلامی خوای لەسەر بێت) ئاگاداریان کردونەتەوەو هەڕەشە لەبکەری دەکەن.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموویێت: (نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُم مُّلاَقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ)[27]، واتە: خێزانەكانتان كێڵگەی خۆتانن لەهەركوێوە دەتانەوێت بچنە كێڵگەی خۆتانەوە وەتوێشوویەكیش پێش خۆتان بخەن ودەبێت لەخوا بترسن وەبشزانن كەلەگەڵ خوای گەورە ڕووبەڕوو دەبنەوە، مژدەش بدە بەبڕواداران. وەهەروەها پێغەمبەری خوا (دروودو سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموویێت: (لاينظر الله إلى رجل يأتي امراته في دبرها) [28]، واتەخوای گەورەسەیری پیاوێك ناكات كەلەڕێگەی كۆمەوەلەگەڵ خێزانیدا جووت ببێت. وەهەروەها لەفەرمودەیەكی تردا پێغەمبەری خوا (دروودو سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموویێت: (من أتى حائضا أو امرأة في دبرها أو كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد) [29]، واتە: هەر پیاوێك لەكاتی بێ نوێژیدا بەمەبەستی

جووت بوون بچێتەلای خێزانی، یان لەڕێگەی کۆمەوە جووت ببێت، یان هەرکەسێك بچێتەلای فاڵگرەوەیەك یان قاوەگرەوەیەك و بڕوای پێ بکات، ئەوا ئەو کەسە بڕوای بەو قورئانە نیە کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکەی ناردووە.

وەهەروەها لەفەرموودەیەکی تردا بۆمان دەگێڕنەوەکە: (جاء عمر بن الخطاب رضي الله عنه إلى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فقال: يا رسول الله هلكت! قال (صلى الله عليه وسلم): وما الذي أهلكك! قال: حولت رحلي الليلة. قال: فلم يرد عليه. فأوحى الله إلى رسوله الله (صلى الله عليه وسلم) هذه الآية: (نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ) يقول: أقبل وأدبر واتق الدبر والحيضة)[30]، واتە: خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) هاتەلای پێغەمبەری خوا (دروودو سەلامی خوای لەسەر بێت) و پێی فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا بەهیلاك چووم، پێغەمبەری خواش فەرمووی چ شتێکت کردووە بەهیلاکت بەرێت؟

عومەریش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی ئەمشەو شێوەی چوونەلای خێزانەکەم گۆڕیوە! واتە لەدواوە چوومەتەلای بۆ جووت بوون بەڵام لەڕێگەی فەرجەوە، واتە: لەشوینی منداڵ بوونەوە. پێغەمبەری خواش (درووودو سەلامی خوای لەسەر بێت) وەڵامی نەدایەوە، پاشان خوای گەورە ڕاستەوخۆ وەحی بۆ پێغەمبەری خوا نارد و ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە: (نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ). فەرمووی دروستەلەپێش بێت یان لەپاش بەڵام بەمەرجێك جووتبوون لەڕێگای کۆمەوەنەبێت وەلەکاتی بێنوێژیدا نەبێت. وەهەروەها لەفەرمودەیەکی تردا بۆمان دەگێڕنەوە: (سأل رجل النبي (صلى الله عليه وسلم) عن إيتان النساء في أدبارهن أو إيتان الرجل امرأته في دبرها فقال النبي (صلى الله عليه وسلم): حلال! فلما ولى الرجل دعاه أو أمر به فَدُعِيَ فقال: كيف قلتَ في أي الخرزتين أمن دبرها في قبلها فنعم، أم من دبرها في دبرها فلا! فإن الله لا يستحي من الحق فلا تأتوا النساء

في أدبارهن) [31]، واته پیاوێك پرسیاری كرد لەپێغەمبەری خوا (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) دەربارەی چوونەلای خێزان لەڕێگەی كۆمەوە ئایا دروستە؟ پێغەمبەری خواش (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی حەڵاڵە. كاتێك پیاوەكە ڕۆیی پێغەمبەری خوا (درودو سەلامی خوای لەسەر بێت) بانگی كرد، یاخود دەفەرموون فەرمانی كرد كەبانگی بكەن، پێغەمبەری خوا فەرمووی چۆنت گووت مەبەستت لەكام لەو دوو كونەیە؟ واتە پێش وپاش؟ ئەگەر لەدواوەو لەڕێگەی فەرجەوەبێت ئەوەحەڵاڵە بەڵام ئەگەر لەدواوەبێت ولەڕێگەی كۆمەوە بێت ئەوە حەرامە، وەخوای گەورە لەئاست حەق وڕاستیدا شەرم ناكات لەبەر ئەوە لەڕێگەی كۆمەوە لەگەڵ خێزانەكانتاندا جووت مەبن.

سەعیدی كوڕی یەسار فەرموویەتی بەئیبن عومەرم ووت ئێمە كەنیزەك دەكڕین و لەدواوە

دەچینە لایان واتە لەڕیگەی کۆمەوە، ئیبن عومەریش لەوەڵامدا فەرمووی: یەکێك خۆی بەموسڵمان بزانێت چۆن شتی وا دەكات!
هەروەها ئیبن القیم لەکتێبی (زاد المعاد)دا وەك تەعلیقێك لەسەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا (درود و سەلامی خوای لەسەر بێت) دەربارەی جووت بوون لەڕێگەی كۆمەوەدەفەرمووێت جووت بوون لەڕێگەی كۆمەوەلەسەر زمانی هیچ پێغەمبەرێك لەپێغەمبەرانی خوا (درود و سەلامی خوایان لەسەر بێت) ڕێگەی پێ نەدراوە، هەرکەسێك ڕێگەپێدان و دروستی وحەڵاڵی جووت بوون لەڕێگەی كۆمەوەبداتەپاڵ هەندیك لەپێشین (السلف) ئەوا هەڵەی كردووە. پاشان هەواڵ دان بەحەرام بوونی بەتووندی نەهی لێ كراوە.

ئەمەی لەسەرەوە باس كرا چەند ئایەت و فەرموودەیەك بوون لەسەر قێزەونی وحەرامی ئەوكارە، بەو هیوایەی هەموو موسڵمانێك

بتوانێت خۆی و دەورو بەرەکەی لێ ئاگاداربکاتەوەتا هەمووومان سەرفرازی دونیا و دوا ڕۆژببین.

وصلى الله وسلم على نبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

---

[1] سورة المجادلة: الآية ٢.

[2] سورة المجادلة: الآية ٣،٤.

[3] رواه الامام احمد (٤\٤١٨) صحيح الجامع (١٠٥).

[4] رواه رواه الامام احمد (٢\٤٠٤) صحيح الجامع (٢٧٠٣).

[5] سورة القلم، الآية: ١١.

[6] (رواه البخاري في الصحيح، وهو في صحيح الجامع (٦٠٠٤).

[7] رواه البخاري انظر فتح الباري (٤٧٢\١٠).

[8] رواه البخاري انظر فتح الباري (٣١٧\١).

[9] رواه البخاري.

[10] رواه البخاري ومسلم.

[11] سورة نور، الآية: ٢١.

[12] (رواه الترمذي (٣/٤٧٤)).

[13] رواه مسلم (٤/١٧١١).

[14] رواه البخاري انظر الفتح ١٠/٣٣٢.

[15] رواه البخاري انظر الفتح ١٠/٣٣٣.

[16] رواه ابو داود (٣٥٥/٤) وهو فى صحيح الجامع (٥٠٧١).

[17] (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (٣٩٥/١) وفى (صحيح الجامع (٤٩٢١)).

[18] (رواه الامام أحمد (٤١٢/١) وهو في (صحيح الجامع (٤١٢٦)).

[19] (رواه الامام أحمد (٣٥٧/٦) وهو في (صحيح الجامع (٢٥٠٩)).

[20] (رواه الطبراني في الكبير ((٣٤٢ /٢٤) وهو فى (صحيح الجامع (٧٠٥٤)).

[21] (تفسير الايات الاحكام (٥٦٥/٢)).

[22] (صحيح مسلم بشرح النووي (١٠/١٤).

[23] (سورة البقرة، الآية: ٢٢٢).

[24] (رواه الترمذي عن ابي هريرة (١/٢٤٣)).

[25] (رواه أبو داوود والبيهقي وهو حديث صحيح).

[26] (رواه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وابوداوود).

[27] (سورة البقرة، الآية: ٢٢٣).

[28] (رواه النسائي وقال حديث صحيح).

[29] (رواه أبو داود والنسائي والترمذى والبيهقي وحديث صحيح).

[30] (رواه النسائي والترمذي والطبراني وحديث حسن).

[31] (رواه النسائي والطحاوي وقال حديث صحيح).